# عەلەوی
# دەستی لەناو ئەدەبیات و
# چاوی لەسەر سیاسەت

باران

وەرگێڕانی: جەوادی حەیدەری



عەولەی پیاوێک کە بە یەکێک لە سێکوچکەی چیرۆکنووسی ئێران دادەنرێت لەدوای سادق هیدایەت و سادق چوبەک.

لەلایەکی ترەوە بوزورگی عەلەوی بە دامەزرێنەری ئەدەبیاتی زیندان دەناسرێت و دەزانرێت، پیاوێکە کە بە ڕێککەوت کەوتە ناو سیاسەتەوە و هاوکاتیش پێنووسی بەدەستەوە بوو، دەستێکی ئەدەبیات و دەستێکی تریشی سیاسەت بوو. خۆی باس لەوە دەکات، کە ئەگەر بە دوای سیاسەتدا نەڕۆیشتبوایە دەیویست ببێتە نووسەر. خۆی ئاماژەی بەوە کردوە، کە هەر سیاسەتی ناسی تووشی زیندان و لێدان و گرتن و دوورخستنەوە و ئاوارەیی و دەربەدەریی و ماڵبەکۆڵی بووە.

عەلەوەی یەکێکە لەو نووسەرانەی ئێران، کە لە نووسینەکانی خۆیدا هەقی تەواو بە ژن داوە و ڕوانینی ئەو بۆ ژن ڕوانینێکی زور باشە و هەست و سۆزی ژنان لە بەرهەمەکانیدا زۆر بەباشی دەردەخات.

## ژیانی عەلەوی لەچەند دێرێکدا

سەید موجتەبا ئاقا بوزورگ عەلەوەی یانی بە واتایەکی ئاقا بوزورگی عەلی، کە دواتر هەر بە بوزورگی عەلەوی ناوبانگی دەرکرد. ڕۆژی 2 ی شوباتی ساڵی 1904 لەناو بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و ناودار کە لایەنگری مشرووتەخوازی بوون لەشاری تاران لە دایکبووە. باوکی سەید ئەبوحەسەن لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران بوو.

## لەدایکبوونی عەلەوی

موجتەبا عەلەوی ڕۆژی سێی مانگی شوباتی 1904 لەشاری تاران پایتەختی ئێران لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگ و خوێندەوار لە دایکبووە. باپیری کە ناوی حاجی سەید محەمەدی سەرافە پەرلەمانتاربووە لە یەکەمین خولی پەرلەمانی ئێران. دایکی نەوەی ئایەتوڵلا تەباتەبایی بووە کە ئایەتوڵلایەکی بەناوبانگ بووە. سەید ئەبو حەسەن باوکی بوزورگی عەلەوی 6 منداڵی بووە، سێ کوڕ و سێ کچ، بوزورگی عەلەوی کوڕی سێیەمی سەید ئەبو حەسەن بووە. باوکی عەلەوی یەکێک بوو لە ئەندامانی حزبی دیموکراتی ئێران.(حزبی دیموکراتی ئێران یەکێکە لە حزبە سیاسییەکانی سەردەمی مەشرووتە لە ئێران کە لەلایەن هەندێک لە مەشرووتە خوازەکانەوە دروستکرا. ئەم حزبە لە کاتی سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی ئێران دامەزرا. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا چەند حزبێکی تریش دامەزران. مەرامی ئەو حزبە سۆسیال دیموکرات بوو و بە پێی بەڵگەکان ئەو حزبە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە نفوزی بەریتانیا و ڕووسیا دامەزرا، هەندێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبە بریتین لە سەید جەلیل ئەردەبیلی، سەید حەسەن تەقی زادە، ئیبراهیم حەکیمی، محەمەد تەقی بەهار(شاعر بوو) سلێمان میرزا ئەسکەندەری، شێخ محەمەدی خیابانی و چەند کەسێکی تر. ئەم حزبە داوای دەکرد کە هێزی سیاسی لە هێزی ئاینی و دینی جیا بێت. هەموو کەس سەربازی بکات، خوێندن دەبێت زۆرەملێ بێت. زەوی ئاغاوات لەناو خەڵک دا دابەش بکرێت. )بوزورگی عەلەوی ساڵی 1920 لەگەڵ مورتەزای برای بە مەبەستی درێژە بەخوێندن باروگەبنەیان بەرەو ئەڵمانیا دەپێچنەوە، ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیا دەمێنێتەوە و لەساڵی 1927 چەندین بەرهەمی ئەڵمانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی فارسی. لەساڵی 1927 باوکی بوزورگی عەلەوی بەهۆی مامەڵەیەکی بازرگانی مایەپووچ دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆی بکوژێت. ساڵێک دوای مردنی باوکی، عەلەوی خوێندن تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە.

پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ئێران لەشاری شیرازی ناوەندی پارێزگای فارس



وەك مامۆستا دادەمەزرێت لەوماوەیەدا بۆرسەیەکی خوێندنی دەرەوەی بۆ دەردەچێت، بەڵام ئەو قەبوڵی ناکات و مامۆستایەتییەکەی درێژە دەدات.

لەساڵی 1931 دەێتە تاران و هەر لەو سەردەمەدا پەیوەست دەبێت بە گروپێکی سۆسیالیست بە سەرۆکایەتی تەقی ئارانی. سەرئەنجام لەساڵی 1937 لەگەڵ 53 کەسی دیکە دەستگیر دەکرێت کە ئەو گروپە ناسراون بە گرووپی 53 کەسەکە. ئەو لە زیندان کتێبی 53 کەسی نووسی کە هەمووی سەبارەت بە ناوخۆشی و نەهامەتییە و ئازارەکانی ئەو 53 کەسەبوون کە لە زینداندا بوون.

دواتر کتێبێکی تری نووسی بە ناوی لاپەڕە دڕاوەکانی زیندان.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە عەلەوی مەیلی بۆ کۆمۆنیزمی یەکێتی سۆڤییەت پەیدا کرد و بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی یەکێك لە ویلایەتەکانی ئەو یەکێتییەی کرد بە ناوی ئۆزبەکستان و لەگەڕانەوەدا کتێبێکی بە ناوی (ئۆزبەکەکان)ی نووسی و چاپی کرد. عەلەوی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی تودە و لەپاش ئەوەشدا یەکەمین دەورەی گۆڤاری» دنیا» ی دەرکرد و لەو گۆڤارەدا بە ناوی خواستراوی « فەریدوونی ناخودا» بابەتی بڵاودەکردەوە.

عەلەوەی سەرەڕای ئەوەی کە نووسەربوو سیاسەمەنداریش بوو و هاوکات ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زمانی فارسیش بوو لە زانکۆ. لەلایەکی تریشەوە وەرگێڕیش بوو و چەند بابەتی گرنگی لە ئەڵمانییەوە کردووە بە فارسی و زۆر چیرۆك و بابەتی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی ئەڵمانی.

لە هەڕەتی مێرمنداڵی دا لەگەڵ مورتەزای برای بە یاوەری باوکیان سەید ئەبوحەسەن سەردانی ئەوروپایان کرد و لە شاری بەرلین گیرسایەوە و پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕایەوە ئێران و سەرەتا لە شیراز بوو بە مامۆستا و ساڵی 1928 لە شیرازەوە هاتە تاران و لە پەیمانگا دەستی بە وانە وتنەوە کرد.

هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ سادق هیدایەت و چەند کەسێکی تر گروپی» ربعە» یان پێکهێنا، کە زۆربەی بابەتەکانی ئەدەبیان لەوێ شەن و کەو دەکرد.

نووسینەکانی سادق هیدایەت وای کرد، کە چرۆی نووسین لە بوزورگی عەلەوی بپشکوێ.

ساڵی 1934 یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی کورتی خۆی بە ناوی « جانتا» بڵاوکردەوە



و ئەمە یەکەمین بەرهەمی عەلەوییە. عەلەوی لەو کۆمەڵە کورتەکەیدا زمانێکی سادە و دارشتنێکی جوان و بێ گرێ و گۆڵ بەکاردەهێنێت و باس لە نەهامەتییەکانی خەڵکی بێ دەرەتانی ئەو سەردەمە دەکات.

ساڵی 1937 لە گەڵ 52 کەسی دیکە کە ناسراون بە گروپی 53 کەس لە لایەن حکومەتی ئەو کاتی ئێرانەوە بە تاوانی دژایەتی کردنی حکومەت و چەند تۆمەتێکی دەستگیر دەکرێت ساڵی 1941 لە زیندان بەردەبێت. ساڵی 1941 کتێبی لاپەڕە دڕاوەکانی زیندان دەنووسێت کە پەیوەندی بە بارودۆخی زیندانییەکانی ناو زیندان هەیە و لە ساڵی 1942 کتێبی کتێبی 53 کەسی نووسی کە ئەویش پەیوەندی حاڵی خۆی و هاوڕێکانی لەناو زینداندا هەیە.

عەلەوی جارێکی دیکە بە تاوانی چالاکی سیاسی دەکەوێتەوە زیندان. ئەمجار دوای بەربوونی لە زیندان، ساڵی 1953 بۆ هەمیشە لە ئێران ڕۆیشت و ساڵانێکی زۆر لە ئەڵمانیای رۆژئاوا ژیا و لەوێ لە زانکۆ وانەی زمان و ئەدەبی فارسی دەگوتەوە.

ڕۆژی 18 ی شوباتی 1997 لە نەخۆشخانەی شاری بەرلین لە ئەڵمانیا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە سیاسەت و نووسین و ئەدەبیات کرد.

## عەلەوی چۆن هۆگری نووسین دەبێت؟؟؟

بوزورگی عەلەوی یەکەمین ئێرانییە کە توانیویەتی چیرۆك بە زمانی ئەڵمانی بنووسێت، عەلەوی کورتە چیرۆکێکی بە ناوی دیواری سپی بە زمانی ئەڵمانی نووسی.

پیاوێکی زۆر سادە و ڕاشکاو بوو، هەتا مردیش هەر لەسەر سادەبوون و ڕاشکاوییەکەی مایەوە.

عەلەوی سەبارەت بە سەرەتای کاری نووسینی خۆی دەڵێت: مامە ناونجییەکەم ناوی عەبدولعەلی بوو ئەهلی شیعر بوو و بەردەم شیعری حافزی دەخوێندەوە و خۆیشی شیعری دەوت، نازناوی « پەرتەوی» بۆ خۆی دانابوو و بەو ناوەوە شیعری بڵاودەکردەوە. ئەگەر من دوای ئەم هەمووو ساڵە ئێستاش شیعری حافزم دەخوێنمەوە و پێمخۆشە هۆکارەکەی بۆ مامم دەگەڕێتەوە، ئەو بوو کە حافزی لەلای من خۆشەویست کرد. هەر ئەویش بووە هۆی ئەوەی کە من دەست بە نووسینی شیعر بکەم و لاسای ئەو بکەمەوە. تەنانەت جارێکیان لەگەڵ عەبدولعەلی فەریوەر پێکەوە شیعرێکمان نووسی و بردمان بۆ لای بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی: نەسیمی شمال. دواتر ڕۆژنامەکە شیعرەکەی چاپ کرد و ناوی عەبدولعەلی فەریوەر بە سەر شیعرەکەوە بوو و ناوی منیان نەنووسی بوو، ئەمەش من زۆر نیگەران و بێتاقەتکرد، ئەمە یەکەمین شکست و هەرەهێنان بوو لە دونیای نووسینی مندا. عەلەوی دوای ئەوەی کە دەستگیرکرا، وازی لە شیعر هێنا و دەستی کرد بە چیرۆك نووسین.

عەلەوی زۆر جار باسی ئەوەی کردووە، کە لەسەرەتادا هیچ مەیل و حەزێکی بۆ سیاسەت نەبووە تا ئەو کاتەی کە لە سینەمایەکی شاری بەرلین سەیری فیلمێکی کردووە بە ناوی « ڕێگرەکان» کە لەو فیلمەدا سەردەستەی ڕێگرەکان خۆی ڕادەستی پیاوێکی هەژار و نەدار دەکات و داوای لێدەکات بە گرتنی بدات بۆئەوەی پیاوە هەژارەکە پارەیەکی دەستبکەوێت و بۆ ژن و منداڵەکەی خەرج بکات و نانیان بۆ دابینبکات. عەلەوی دەڵێت کە ئەو فیلمەم بینی شتێك لەناو مێشکمان چەخماخەیدا و منی بۆ لای ئامانجەکانی جیهانی سۆسیالیستی پەلکێشکرد.

عەلەوەی وەك خۆی باسیدەکات سەرەتا سیاسی نەبووەو دواتر دەچێتە ناو جیهانی سیاسەتەوە و هاوکاتیش دەنووسێت و ئەو دەیویست سیاسەت و

ئەدەب پێکەوە گرێدات و بەرهەمەکانی هەڵگری ئەو دوو چەمکەیە هەم سیاسەت و هەم ئەدەب، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئەگەر دیوێکی سیاسەت بێت دیوەکەی تری عەشق و ئەدەبە، پاشان بۆ هەمیشە وازی لەسیاسەت هێنا و لەناو ئەدەبیاتدا لەسەر تاودانی ئەسپی خۆی بەردەوام بوو. نووسینی ڕۆمانی چاوەکانی کە بەباشترین بەرهەمی ئەو دێتە ئەژمار لەدوای دوورخستنەوەی نووسیویەتی.

## ئەدەبیاتی تاراوگە

هەرچەند زۆربەی نووسەران و ڕەخنەگران بوزورگی عەلەوی بە باوکی ئەدەبیاتی زیندان دەزانن لە لایەکی تریشەوە عەلەوی بە دامەزرێنەری ئەدەبیاتی تاراوگە دەزانن. چونکە عەلەوی یەکەمین ئێرانییە کە توانیویەتی بە زمانی ئەڵمانی کورتە چیرۆك بنووسێت لە تاراوگەدا.

لاپەڕەر دڕاوەکانی زیندان کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتن، کە لەماوەی 4 ساڵ نووسراوە، ئەو چوارساڵەی کە عەلەوی لە زیندانی ڕەزاشادا بووە. ئەو نووسەرە کە لەپێناو نووسیندا ئامادە بوو گیانی بەختبکات، لەسەردەم ڕەزا شا هەرکەس لە زیندان قەڵەم و کاغەزی بەکارهێنابا، دەبوایە دەستی لە گیان و ژیانی خۆی شوتبا، بەڵام ئەو کۆمەڵێ قسەی هەبوو بۆ وتن، کە ژیان لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵە قسەیە هیچ بەها و نرخێکی نەبوو. ئەو قسانەی کە دەبوایە بوترابان و لەناو چارچێوەیەکی ئەدەبی بۆ هەمیشە لەناو مێژووی ئێراندا بنووسرابان و پارێزرابان. هەر بۆیە لەناو زیندان بێکار دانەنیشت و دەستی دایە پێنووس و کاغەز و هەرجۆرە کاغەزێك لە کاغەزی جگەرەوە بگرە هەتا زەوفی میوە( ئەو سەردەمە میوە لە زەرف و پاکەتی کاغەزی دەکرا) هەرچی نووسیبای بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەوانەی دەرەوەی زیندانی دەکرد.

**عەلەوی وەك خۆی باسیدەکات سەرەتا سیاسی نەبووەو دواتر دەچێتە ناو جیهانی سیاسەتەوە و هاوکاتیش دەنووسێت و ئەو دەیویست سیاسەت و ئەدەب پێکەوە گرێبدات و بەرهەمەکانی هەڵگری ئەو دوو چەمکەیە هەم سیاسەت و هەم ئەدەب، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئەگەر دیوێکی سیاسەت بێت دیوەکەی تری عەشق و ئەدەبە**



**بوزورگی عەلەوی**

لەبەر چاو گێڕاوە، شوێن زیندانی قەسرە، نووسەر لە زمانی ڕاوی و چیرۆکبێژ دەنووسێت و بەردەوام نیگەرانی هاوسەرەکەیەتی کە نەبادا لە دەستی بدات و هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی لەکیس نەچێت و هەندێك جاریش بە خۆی دەڵێت: نا.. نا.. نابێ ژنەکەم لەبەر من ژیانی بفەوتێ، داوای لێدەکات کە لێی جیا بێتەوە. لەو چیرۆکە عەلەوی هەر چوار مەرجەکەی لەبەر چاو گرتەوە و پابەندی بووە و هەر ئەوەش وای کردووە، کە ئەو چیرۆکە لەناو ئەدەبیاتی ئێران بە زیندوویی بمێنێتەوە.

یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لەبارەی چیرۆکەکانی عەلەوی بەرەوڕووی دەکرێتەوە ڕۆمانسی بوونی پتر لە ڕادەی چیرۆکەکانە. ڕۆمانسییەك کە بە وتەی سادق هیدایەت سەر بە هەستگەرایی و ئیحساسگەراییدا دەکات و زیاتر ئیحساسگەرا دەبێت.

یەکێك لە تایبەتمەندییە باشەکانی بەرهەمەکانی عەلەوی گرنگیدانە بە فەزاسازی و هەماهەنگی لەنێوان فەزای چیرۆك لە گەڵ ڕەوتی چیرۆك.

ئەو فەزای سازییە لە ڕۆمانی چاوەکانی زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ کاتێك کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەیەوێت تابلۆکە ببات بۆ ماڵی فەرەنگیس( فەرەنگیس ئەو کەسەی کە مامۆستا ماگان چاوەکانی ئەوی لەناو تابلۆیەکدا کێشاوەتەوە) بۆ ئەوەی پەردە لە سەر ڕازی مامۆستا ماکان هەڵداتەوە. ئەمە فەزاسازییە و هاوکات هەماهەنگی هەیە لەنێوان فەزای چیرۆك و ڕەوتی چیرۆك.

لە سەرەتای ڕۆمانەکە نووسەر بە تێروتەسەلی باسی دۆخی ترسهێنەر و پۆلیسی شاری تارانت بۆ دەکات و بەشێوەیەك مێژوو و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویت بۆ باسدەکات و بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیەوێت ڕاستی و خەیاڵ پێکەوە گرێ بدات.

**عەلەوی بە پێچەوانەی زۆربەی نووسەرەکانی ناوداری ئێران، کە ناوناوبانگیان بەهۆی بەرهەمە زۆرەکانیان ئەوە بە چەند بەرهەمێکی ناوی دەرکرد، سێ کۆمەڵە چیرۆکی کورت بە ناوی چەمەدان ، لاپەڕە دراوەکانی زیندان، نامەکان و ڕۆمانی چاوەکانی، شیکردنەوەی بیرەوەرییە ناخۆشەکانی لە زیندان لەژێر ناوی « 53 کەس» . عەلەوی چیرۆکێکی ترک نووسیوە بە ناوی دیۆ دیۆ. سەفەرنامەیەکی بە ناوی «ئۆزبەکەکان» هەیە ئەویس بیرەوەرییە کاتێ لەگەڵ وەفدێکی کلتووری سەردانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو دەکات.**



سەرلێشێواوییەك لەنێوان ژیانی سیاسی و ئەدەبی عەلەوی دەبیندرێت هەر ئەوەشە کە لە کەسایەتی فەرەنگیس دەتوانین بڵێن نموویەکە لە جیلوەی ژیانی عەلەوی سەرلێشێواوی لە نێوان شێوەکاری و سیاسەت کە فەرەنگیس خەریکی بوو. لە شێوەکاریدا سەرکەوتوو نەبوو و دواتر ڕووی کردە سیاسەت.

## شیکردنەوەی نوسینەکانی بوزورگی عەلەوی

لەناو نەسل و جیلی نوێی نووسەرانی ئێران بوزرگ عەلەوی توانایەکی بەرچاویی لە کاربەهێنانی تەکنیکی ئەوروپی لەناو چیرۆکدایە، هاوکاتیش بەرهەمەکانی عەلەوی بە تەواویی بۆن و بەرامەی ئێرانی پێوە دیارە.

عەلەوی ساڵی 1904 لەناو بنەماڵەکەی بازرگان و ڕۆشنبیر و ناودار لەدایك بووە، تەمەنی 18 ساڵ بوو کە بۆ خوێندن ملی ڕێگای گرتەبەر و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران پەیوەستدەبێت بە گروپی مارکسی دکتۆر تەقی ئارانی، کە دواتر ئەو گروپە لەلایەن ئێرانەوە بە گروپێکی ناسایی لە قەڵەمدرا و عەلەوی و 52 هاوڕێی کە ناسراون بە گروپی 53 کەسی لەساڵی 1936 دەستگیر کران و ڕەوانە گرتووخانە کران. و پاش 5 ساڵ بەهۆی لێبوردنی گشتی لە زیندان بەر دەبن و دواتر لە گەڵ چەند کەسێکی تر حزبی توده1 پێکدەهێنن و عەلەوی یەکێك دەبێ لە دامەزرێنەرانی حزبی توده و چالاکییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاییەکاتی عەلەوەی لەگەڵ سیاسەتەکانی توده تێکهەڵکێش دەبن. ساڵی 1953 دەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی جیهانی ئاشتی و خەڵاتی زێرینی ئەو ئەنجومەنەی وەك دیاری پێدەدرێت. پاش ڕۆخانی حکومەتەکەی محەمەد موسەدق ، عەلەوی لە ئێران ڕادەکات و لە ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە.

عەلەوی بە پێچەوانەی زۆربەی نووسەرەکانی ناوداری ئێران کە ناوناوبانگیان



بەهۆی بەرهەمە زۆرەکانیان ئەوە بە چەند بەرهەمێکی ناوی دەرکرد، سێ کۆمەڵە چیرۆکی کورت بە ناوی چەمەدان ، لاپەڕە دڕاوەکانی زیندان، نامەکان و ڕۆمانی چاوەکانی، شیکردنەوەی بیرەوەرییە ناخۆشەکانی لە زیندان لەژێر ناوی « 53 کەس» . عەلەوی چیرۆکێکی تری نووسیوە بە ناوی دیۆ دیۆ. سەفەرنامەیەکی بە ناوی «ئۆزبەکەکان» هەیە ئەویس بیرەوەرییە کاتێ لەگەڵ وەفدێکی کلتووری سەردانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو دەکات. لە کتێبی « چەمەدان» عەلەوی ئەوە دەردەخات کە لە عەلەوی لە هەرەتی لاویدا بە تایبەت لەگەڵ خوێندن لە ئەڵمانیا دەکەوێتە ژێر کاریگەی فرۆیدەوە و دواتریش ڕووی کردۆتە مارکسیزم، هەوڵیدا شێوەیەك بە شێوەیەکی واقیع بین ڕێگە بۆ دۆخی سوسیالیزم لە ناو نووسینەکانیدا بکاتەوە، بەڵام هەر وەك دەبینین فرۆید و مەسەلەی شیکاری دەروونی ڕۆڵێکی گرنگ لە کارەکانی عەلەوی دا دەبینێت و دەگێڕێت.

## جانتا

زنجیرە چیرۆکی جانتا لە شەش چیرۆك پێکهاتوو کە هەموویان کەم تا زۆر جۆرێك تاوتوێی ژیرانە و زیرەکانەی دەروونناسییە کە لە سەر کرداری کەسەکان لەناو چیرۆکەکان کاریگەری لەحەساسییەتی لەڕادە بەدەر و جۆرەکانی ناهاوسەنگییە دەروونییەکان دادەنێت. ئەمە تەنها بەرهەمێکی عەلەوی کە لەژێر کاریگەریی بیروباڕە چەپی نییە و ڕوانگەی چەپی ئەو لەو بەرهەمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە.

چیرۆکی بووکێ هەزار زاوا و سەربازی سۆربی لە باشترین چیرۆکەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە.

یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی کورتی بوزورگی عەلەوی ناوی « جانتا» یە کە ساڵی 1934 ( 1313 کۆچی هەتاوی) بڵاوبۆتەوە، لە شەش کورتە چیرۆك بە ناوی» قوربانی» ، «بووکی هەزار زاوا»، مێژووی ژوورەکەی من»، سەربازی سۆربی،



ڕێکپۆش، سەمای مردن، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە 245 لاپەڕیە و دوو ساڵی دوای ئەوەی عەلەوی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی نووسی لەساڵی 1936 دەستگیر کرا و تا ساڵی 1941 لە بەندیخانە مایەوە، زمانی نووسینی عەلەوی لەو کتێبەدا زۆر سادە و بێ گرێ و گۆڵە و نووسەر باس لە نەهامەتی و چارەڕەشی کۆمەڵگا دەکات. شێوەی نووسینی لەو چیرۆکانەدا زۆر لە شێوەی نووسینی محەمەد عەلی جەمالزادە2 و سادقی هیدایەت3 دەچێت.

پەراوێزەکان:

.1حزبی تودە حزبێکی سەرەکی کمونیستی لە ئێران بوو کە لە 2 تشرینی یەکەمی ساڵی 1941 لە ئێران دامەزراوە و کەسانی وەك سولەیمان میرزا ئەسکەندەری، ئێرەج ئەسکەندەری، بوزرگ عەلەوی، ئەنوەر خامەیی، ئیحسانی

تەبەری، خەلیلی مەلەکی، فەریدوون کەشاوەرز، عەبدول حوسێن نوشین، ڕەزا راد مەنش و ژمابەیەکی تر، تەقی ئارانی بە باوکی مەعنەوی حزبی تودە لە قەڵەم دەدرێت ، لە دەیەی 1940 حزبی تودە لە ناو گۆڕەپانی سیاسی ئێران ئەسپی خۆی تاو دەدا و پاش کودەتاکەی 28 گەلاوێژی 1953 حزب تودە کەوتە بەر غەزەبی حکومەتی پاشایەتی و بە سەدان ئەفسەری سوپا کە ئەندامی حزبی تودە بوون دەستگیر کران و ژمارەیەکیان لە سێدارەدران و ژمارەیەکیان لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە. حزبی تودە تا ساڵی 1979 بە شێوەی نهێنی لەسەر چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو و لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ڕۆڵی هەبوو و لە دوای گرتنەوەی شاری خوررەم شار لە لایەن سوپای ئێرانەوە ئیتر ئەو حزبە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە شەڕی ئێران و عێراق بەردەوام بێت و بەم هۆیەوە لە لایەن حکومەتی ئێران تۆمەتی جاسووس و کودەتا لەدژی ئێران خرایە پاڵی، دووبارە شەپۆلی گرتن و گوشتن دەستی پێکردەوە و لەئێستادا ئەو حزبە لە تاراوگەدایە. ( وەرگێڕی کوردی)

.2 سەید محەمەد عەلی جەمالزادە ڕۆژی 23 ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1892 لە شاری ئیسفەهان لەناو بنەماڵەیەکی مەزهەبی لە دایکدەبێت و ڕۆژی 8 ی مانگی سەرماوەزی 1997 لە تەمەنی 105 ساڵیدا لە یەکێك لە خەلوتگە پیرییەکانی شاری جنێڤ لە سویسرا کۆچی دوایی کرد.

جەمالزادە نووسەر و وەرگێڕی بە توانا بووە و بە باوکی کورتە چیرۆکی زمانی فارسی لە قەڵەمدەدرێت و یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی کورتی 1جەمالزادە بە ناوی « یەکێ هەبوو و یەکێ نەبوو لە ساڵی 1921 بڵاو کردۆتەوە. زۆربەی چیرۆکەکەی ئەو ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە بە زمانێکی تەنزئامێز.

جەمالزادە و سادیق هیدایەت و بوزورگ عەلەوەی بە سێ کوچکە و دامەزرێنەری سەرەکی چیرۆکی ئەدەبی لە ئێران لەقەڵەم دەدرێن.

.3 سادق هیدایەت ساڵی 1903 لە شاری تاران لەو بنەماڵەیەکی ناودار و دەستڕۆیشتوو لە دایك بووە، باوکی لە سەردەمی ناسردین شا وەزیر بووە و دایکیشی لە خانەدانە بەناوبانگەکانی ئێران بووە. هیدایەت و عەلەوی و جەمالزادە بە باوکی چیرۆکی هاوچەرخی و نوێی ئێران دێنە ئەژمار.

سادق هەم نووسەر بووە، هەم چیرۆك نووس و ڕۆماننووس و هەم وەرگێڕ و ڕۆشنبیر، رووەك خۆر بووە.

زۆربەی ئەدیب ناسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی ڕۆمانی کەندەپەپووی کوێری سادیقی هیدایەت بە باشترین و بەناوبانگترین و درەوشاوەترین بەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران دەزانن. سادق کۆمەڵێك بابەتی لە نووسەرانی بەناوبانگی جیهان کردۆتە فارسی کە دەکرێ ئاماژە بە نووسەرانی وەك ژان پۆل سارتەر، کافکا، چیخۆف بکەین.

سادق لە گەنجی وازی لە گۆشتخواردن هێنا و کتێبێکیش لەوبارەیەوە بە ناوی « قازانجەکانی گیاخۆری» نووسی، هەتا ئەو کاتەی کە خۆی کوشت ئیتر گوشتی نەخوارد. سادق لەبارەی پەیوەندی نێوان گۆشت و توندوتیژی دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤ بیەوێت دەست لە جەنگ و شەڕ هەڵبگرێت دەبێت سەرەتا دەست لە کوشتنی ئاژەڵ و خواردنی گۆشتی ئاژەڵ بهێنێت، چونکە گومانی تێدا نییە کە گۆشتخواردن دەبێتە هۆی دڕندەیی.»

سادق دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دا، یەکەمیان ساڵی 1928 بوو کاتێککە خۆی هەڵدایە ناو ڕووباری « مارن» لە فەڕەنسا، کە لەلایەن سەرنشینانی بەلەمێکەوە ڕزگار کرا و جاری دووەمیش لە ساڵی 1951 بوو کە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و لەشاری پاریس بەخاك سپێردراوە.

